# ئەو ئێکسسوارەی جوانیمان دەردەخات

جاران خانمان زیاتر گرنگییان بە شێوەی ئێکسسوار دەدا، ئێستاش چەندین ئێکسسواری جۆراوجۆر و هەمەچەشن هەن کە لەلایەن کچانەوە بایەخیان پێدەدرێت. پسپۆرانی بواری جوانکاری و ئارایشت دەڵێن: گرنگە خانمان بتوانن ئەوەندەی گرنگی بە شێوەی ئێکسسوار دەدەن، ئەوەندەش گرنگی بە ڕەنگ و گونجاندنی ئێکسسواری جۆراوجۆر بدەن. بۆ نموونە،ستایلێکی جوانمان دەست دەکەوێ، ئەگەر ڕەنگ و شێوەی گوارە و ئەنگوستیلە و ئەڵقەی پەنجە هاوشێوە و هاوڕەنگ بن. ئەم گونجاندنەش پێویستی بە ئامادەکردن و یەکخستنی ستایلی هەموو ئێکسسواری بەکارهاتوو هەیە. هەڵبەت خانمان دەتوانن لە کاتی کڕین و هەڵبژاردنی ئێکسسواردا، ئەو گونجاندنەی نێوان ئێکسسواری جۆراوجۆر ڕێك بخەن. هەروەها کچان دەتوانن ئەو یەکخستنەی لە نێوان ڕەنگ و ستایلدا چاوەڕوان دەکرێت، لەگەڵ جل و بەرگیشدا بیگونجێنن، ئەوەش شێوازێکی تازەیە لە بواری مۆدە و شێوازی گونجاندنی نێوان زیاتر لە ئێکسسوارێك.





# گوارەی سادە شۆخترت دەکات

بە لای کچانەوە بەها و جوانیی ئێکسسوار چ لە جوانیی جل و بەرگ و ماکیاژ کردن کەمتر نییە، چونکە ئەویش وەك کەرەستەیەك لە جەستەیان سەرنجڕاکێش و سەلیقەی خۆی هەیە، خانمان دەبێ ئەوەش بزانن کە هەر ئێکسسوارێك جوانی دەبەخشێتە ئەو شوێنەی جەستەی کە لەبەری دەکات، بۆ ئەوەی گوارەیەکی نایابت لە گوێچکە بێت و هاوڕێ و دەستەخوشکانت سەرسام بن بە جوانی گوارەی گوێچکەت، هەوڵبدە گوارەیەکی شێوە گەورە و ڕەنگاوڕەنگ هەڵبژێری، لە وەرزی هاویندا گوارە زیاتر دەردەکەوێ، چونکە کچان لە زستاندا جلی زۆر لەبەر دەکەن، ئەوەش وادەکات کە گوارە ئەوەندە دیار نەبێ، لە بەرانبەر پۆشینی جل و بەرگی هاویندا. مەرج نییە ئەو گوارەی دەیکەیتە گوێت، تەنیا لە زێڕ و ماددەی گرانبەها بێ، بەڵکو هەندێ خشڵ و ئێکسسواری دروست کراو لە کانزای سادە هەمان ئەو جوانیەی دەبێ کە لە ئێکسسواری گرانبەهاوە دەستمان دەکەوێ. گرنگترین شت لە گوارەدا ئەوەیە کە هەست و سەرنجی دەوروبەر بۆ جوانی ڕووخسار و گوێچکەی ئەو خانمە رابکێشێ و لەگەڵ ڕووخساریشت گونجاو بێت.







# پەردەت تەواوکاری دیکۆری ماڵە

لێهاتوویی کابان و خانمان لەوەدایە، کە ماڵێکی جوان و ڕێکیان هەیە، جگە لەوەی جوانە، هەروەها پێویستە پاك و بۆن خۆشیش بێ. جوانیی پەردەی پەنجەرە لە چوارچێوەی دیکۆری ماڵدا گرنگە، چونکە دیکۆری ماڵ، پێویستی بە دانانی دیکۆرێکی نایاب و ڕێك هەیە. پەردە سەبارەت بە دیکۆری ماڵ وەك باڵە بۆ باڵندە، نمایشێکی سەرنجڕاکێشە کە ڕووبەرێکی فراوان لە فەزای نێو ژوورەکان پڕ دەکاتەوە، خانمی ماڵیش دەتوانێ ئەو لایەنە پشتگوێ نەخات، با هەوڵ بدات جوانترین پەردە لە ماڵەکەیدا هەبێت. وەك چۆن ئافرەتان چەندە گرنگی بە قژیان دەدەن، دەبێ ئەوەندەش پاك ڕاگرتنی پەردە بە هەند وەربگرن. پێویستە خانمان لەوەش ئاگاداربن، هەر چەندی پەردە درێژ بێ، ئەوەندە جوانتر دەبێبۆ دیکۆری ماڵ.



# میکیاژی تۆخ بۆ هاوین


لە وەرزی پاییز و زستاندا، بەکارهێنانی ماکیاژی ڕەنگدار بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەم دەبێت، واتە زیاتر ماکیاژی سادە باوی دەبێ، کچانیش بە سادەیی ماکیاژ دەکەن. بە پێچەوانەوەی ئەو دوو وەرزە، لە هەردوو وەرزی بەهار و هاویندا ماکیاژی پڕ ڕەنگ و تۆخ مۆدی دەبێ، لەلایەن کچانیشەوە خواستی زیاتری لە سەر دەبێ. بەکارهێنانی ماکیاژی ڕەنگدار پێویستی بە زانین و لێهاتوویی خانمان هەیە، ئەو کەسەی دەتوانێ شێوازێکی جوان لە تێکەڵەی ڕەنگەکانی ماکیاژی روخساریدا بەدەست بهێنێت، دەبێ بزانێ چۆن ڕەنگی جۆراوجۆری ماکیاژ بەکار بهێنێت.






# مۆبـــایلی سەرۆكـــەكان

ڕەنگە خەڵك بپرسن، ئاخۆ ســەرۆك دەوڵەتان و كەسانی ناوداری جیهان لە بواری سیاسی، هونەر، وەرزش و وێژەدا، ژیان چۆن بەسەر دەبەن؟ یان ئایا وەك ئەوان وەك مرۆڤی ئاســایی دەژین؟ پرسیارێك كە ڕەنگە بە خەیاڵی زۆر كەســدا بێت ئەوەیە، ئاخۆ كەسانی ناودار و گــەورە چ جۆرە هاندێكی مۆبایــل بەكاردەهێنن؟ لێرەدا باس لە مۆبایلی چەند كەســایەتییەكی ناوداری جیهان



# میرنشینی ســـۆران لە١٨١٦دا سەربەخۆیی ڕاگەیاند

لە مێژووی كــورددا چەندین دەوڵــەت و میرنشــین دامەرزاون.ئەو دەوڵەت و میرنشــینانە بۆ سەدان ســاڵ حوكمڕانیی دەڤەرە جیاجیاكانی كوردستانیان كردووە. یەكێك لەوانە میرنشینی ســۆران بوو. میرنشینی سۆران قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەكەی بە ســەر ناوچەیەكی فراوانی كوردســتانی باشــووردا بڵاو بووەتەوە. ڕەواندز پایتەختی میرنشینی سۆران بووە. ئەم میرنشینە لە سەر دەستی میر (عیسا كوڕی كەلۆس بەگ) لــە ناوچەی باڵەكایەتی وڕەواندز دامەزراوە. ڕەواندز شــاری تۆپەكەی وەســتا ڕەجەبە، بەناوبەنگترین میری ســۆران مەحەمەد پاشــای گەورە بووە، كە میرنشــینەكەی بووژاندەوەو گرنگترین كاری ئەو میرە لە ســاڵی (١٨١٣)دا دامەزراندنی كارخانەی چەك و تۆپ بووە لە كاولۆكان. پاشای گەورەی لە ســاڵی١٨٣٧ لەسێدارەدرا و میرنشینەكە ڕووخا. بە شێوەیەكی گشــتی دەتوانین بڵێن ئەم شوێنانەی لەماوەی (٤٠٠) ساڵی دەسەڵاتی میرنشینی سۆراندا فراوانی و پاشەكشە كردنی بە خۆوە دەبینی، كە لەوپەڕی فراوانیی میرنشیەكەدا دەگەیشتە هەر سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك و دەوروبەری مووسڵ.









دەکەین. باراك ئۆباما سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، مۆبایلێکی جۆری (بلاکبێری)ی هەیە، ئەم جۆرە ئامێرە ناتواندرێ سیخوڕیی بەسەردا بکرێ، کەچی هاوسەر و کچەکانی ئۆباما مۆبایلی (ئای فۆن) بەکاردەهێنن. ڤلادیمیر پۆتین سەرۆکی رووسیا، ئامێریکی مۆبایلی رووسی بە ناوی (MTS)ی هەیە، کە بە تایبەت بۆی دروست کراوە. ئەنجیلا مێرکل راوێژکاری ئەڵمان، حەزی بە (بلاکبێری)یە و پێی وایە، ئامێرێکی جوان و خنجیلانەیە. سەرۆکە هەرزەکارەکەی کۆریای باکوور (کیم جۆن ئۆن) ئامێریکی جۆری (htc) هەیە. شازادە (ویلیام)ی بەریتانیاش حەزی بە (ئای فۆن)ـە و ماوەیەکی زۆرە هەیەتی، سەرۆك وەزیرانی بەریتانیاش دەترسێ گوێ لە قسەکانی بگرن یان سیخوڕیی بەسەرەوە بکەن، بۆیە مۆبایلی (بلاکبێری) بەکاردەهێنێت.

# جەستەیەکی لاستیک ببینە!





زۆرن ئەوانەی جەستەیان نەرم و ناسکە، یان ئێسکیان نەرمە و بە ئاسانی دەچەمێتەوە. ئەو مرۆڤانەی جەستەیان وایە، هەندێکیان روو لە بواری جومناستیك دەکەن، یان جار جار لە بەردەم کەسانی دیکە نمایشێکی بچووك دەکەن و جەستەیان دەنوشتێننەوە.(لیلیان فرانکۆ) کچێکی شۆخ و جوانیولاّتی فلیپینە. جەستەی ئەوەندە نەرمە دەتوانێ لە ماوەی (١٠) چرکەدا خۆی بە تەواوی بچەمێنێتەوە، وەك ئەوەی پارچە هەویرێك بێت. تەنانەت جەستەی ئەوەندە ناسکە، دەتوانێ تەنیا لە سەر ئانیشکەکانی خۆی بوەستێنێ و بە قاچیش کارێك بکات، ئەوەتا یاریی شەترەنج دەکات و جەستەشی بە تەواوی چەماوەتەوە.


# جوانترین کەژاوە بۆ بووک و زاوا



کۆمپانیایەکی سویدی ئۆتومبیلێکی تایبەت بە بووك و زاوای دروست کردووە، کە تەنانەت شێوەی ئۆتومبیلەکەش لە ئۆتومبیلی ئاسایی جیاوازە، وەك ئەوەی بووك و زاوا لە هۆڵی ئاهەنگ گێران بن و هەموو پێداویستییەکی بووك و زاوایان بۆ دابین کراوە لەناو ئۆتومبیلەکەدا.

## نوکتە

جارێکیان پیاو و ژنێك لە یەکتر تووڕە بوون، هەر لەسەر کاغەز بە نووسین قسە دەکەن، رۆژێکیان ژنەکە دەڵێ: بچینە ماڵی باوکم، پیاوەکەش بۆی دەنووسێ، ئەمڕۆ ناتوانم، ژنەکەش ئەوجارە دەڵێ هەر دەبێ بچین، پیاوەکەش دەنووسێ ئیشم هەیە ناتوانم، ئەوجارە ژنەکە بە گەورەیی بۆی دەنووسێ هەر دەبێ ئەورۆ بچین. پیاوەکەش دەنووسێ: باشە دەچین، هاوار مەکە!



## شیعر

تابلۆ حەسەن

ئەو رۆژانەش
کە دێمە لات بۆ کتێبێک
یان بڵێین، بە بیانوی وەرگرتنی کتێبێک!!
پەنجە ماندووەکانت درێژ دەکەیت
بۆ کتێبخانەکەت منیش نوغرۆی تەمی تەمان
هەر وەک پرسیارە بێ وەڵامەکان
دەڕوانمە تۆ و کتێبخانەکەت
تۆ بڵێی زانیبێتت ؟
کە من بۆ کتێب نەهاتووم
درۆزنێکم هاتومتە دەرگاکەت؟

## بەرزترین کورسی ببینە

رەنگە بڵێن ئەو کورسیە بۆ ئەوەندە گەورە دروست کراوە و ماناى چییە ! یان بڵێن خۆ کەسی وا گەورە نییە بچێتە سەر ئەو کورسییە دانیشێ، وەڵامی ئەو پرسیارانە ئەوەیە، راستە مرۆڤ لە چاو ئەو کورسییە بچووکە، بەڵام کەسانێك هەن بچووکیشن، بەڵام بە قەبارەی ئەو کورسیە بە نرخ و گەورەن، ئەو کورسیە لە وڵاتی ئوسترالیا دروست کراوە، بەرزییەکەی دەگاتە (٣٨) مەتر.



## پانتۆڵ یان باڵەخانە!

دوای بیر کردنەوەیەکی زۆر، ویستیان دوو باڵەخانەی لە تەنیشت یەك بە یەکتر ببەستنەوە، بەڵام بێ سوود بوو! ئەوەیە سەرەتای دروست کردنی باڵەخانەیەکی سەیر لە شێوەی پانتۆڵدا. لە شاری سۆتشی لە وڵاتی چین، نەخشەی دروست کردنی جووتە باڵەخانەیەکیان داڕشت. کە نزیك یەکترەوە بوون، بەڵام نەیاندەزانی چۆن بەیەکەوەیان ببستنەوە، تا ئەو کاتەی ئەندازیارانی بەریتانی بەشداری بیرۆکەیەکیان کرد و ئەو بیرۆکەیەش ئەوە بوو کە باڵەخانەکە لە شێوەی پانتۆڵ بێ، وێڕای ئەوەی دوو باڵەخانەی جیاوازن وەك دوو لینگەی پانتۆڵ، لە سەرەوەش وەك کەمەری پانتۆڵ بە یەکەوە بەستراونەتەوە. ئەو باڵەخانەیە نزیکەی (٣٠٠) مەتر بەرزە، ئەم جووتە باڵەخانەیە بە دەروازەی رۆژهەڵات ناسراوە، ئەوەی نەزانێ ئەو باڵەخانەیە هەیە، ئەگەر لە دوورەوە سەرنجی ئەو جووتە باڵەخانەیە بدات وای بۆ دەچێ کە پانتۆڵێکی زەبەلاح دەبینێت.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

باشترە کەمێك خۆت دوورکەیتەوە لە دەوروبەرو خۆشت لە کاروباری خەڵك هەڵنەهقولتێنی، ئەگینا زیانت پێ دەگات .

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەمڕۆبەختت باش دەبێت و سەبارەت بە هەندێك پرۆژە یان پرسیارێك وەڵامی دڵخۆشکەر دەبیتیت و خەمەکانت سووك دەبن.

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئاگاداری هەڵسوکەتت بە، چونکە لەم یەك دوو رۆژە هەست بە ماندووبوون و هیلاکی دەکەیت و باری دەروونیت ئاڵۆز دەبێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢


رووداوێکی گرنگ کاریگەری لەسەرت دەبێت و وات لێدەکات شەڕ لەگەڵ خۆشت بکەیت، بۆیە پێویستت بەهێمنیی زیاتر هەیە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

بەهۆی هەڵسوکەوتی چەند کەسێکی نزیکت هەست بەناڕەحەتی دەکەیت، یاخود ناکۆکییەك لە ژیانت سەر هەڵدەدات.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢


ئاگاداربە ئەمڕۆ فشار پاڵە پەستۆت لەسەر زیاد دەبێت پێویستە لە هەڵسوکەتەکانت نەرم و هێمن و لەسەرخۆ بیت.



## وتـــەی نـــاوداران

**- ســـوکرات دەربـــارەی مامەڵەکـــردن لەگـــەڵ نەفـــام دەڵێ:**

هەوڵبـــدە بـــە بزمـــار چاڵێك هەڵکەنـــی، چاکتـــرە لـــەوەی هەوڵدەی لەگەڵ نەزان و نەفامدا گفتوگۆ بکەی.



## زاخـــاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، بەسوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (کەرەستەیەکە بۆ قژ داهێنان بەکاردێ، لە قسەی خەڵکی هەولێر)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەو شوێنەی خەڵك لێی دەژی)
- پیتی خانەکانی (١+٤+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای (پارچە جلێکە دەخرێتە سەر مل)
- پیتی خانەکانی (٣+٥)کۆ بکەیتەوە بە مانای (بەشێکە لە جەستە نێوان سەر و جەستەیە)

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (**ڕێزان**) بوو

## کورتە چیرۆک

پاشـــایەك هەبوو، شـــەل بوو، چاوێکیشـــی کوێر بوو، ڕۆژێکیان ئەم پاشـــایە هەموو وێنەکێشەکانی وڵاتی بانگهێشـــت کرد، لە کۆشـــکی پاشـــایەتیدا کۆبوونەوەیەکی لەگەڵدا ســـازدان، لە کۆبوونەوەکەدا داوای لە هەموویان کرد، هەر یەکەو وێنەیەکی پاشـــا بکێشـــێت، بە مەرجێك عەیبو کەم وکورتیی پاشا لە وێنەکەدا دەرنەکەوێت. لێرەدا هەموو وێنەکێشەکان ئەم داواکارییەی پاشایان ڕەتکردەوە، چۆن بتوانن وێنەی پاشا بکێشن بە دووچاوەوە، لە کاتێکدا پاشـــا یەك چاوی هەیە! ئەدی چۆن بتوانن وێنەی هەردوو قاچەکانی بکێشـــن لە کاتێکدا قاچێکی لەوەی تریان کورتترە! لەم کاتەدا هەموویان ســـەرقاڵی ئەم مشـــتومڕە بوون، یەکێك لە وێنەکێشەکان گوتی: من وێنەکە دەکێشم!

وێنەی پاشـــای کێشا، بەڵام بەڕاســـتی وێنەیەکی جوانو نایاب دەرچوو، هەموو ئامادەبووان سەرسام بوون، چۆن؟ وێنەی پاشـــای کێشا، کاتێك پاشا ڕاوەستاوە لە کاتی ڕاودایەو تفەنگەکەی بە دەستەوەیە، وێنەکەی وەها کێشا، کە پاشا خەریکە نیشانە لە ئاسکێك دەگرێت و قاچە شەلەکەی چەماندووەتەوە و چاوە کوێرەکەی نوقاندووە!

## وتـــە

هـەرگیـــز ڕەخنە لە حەز و هەڵبژاردنەکانی هاوســـەرەکەت مەگرە، چونکە لەبیرت نەچێت، ئـــەو یەکـــەم کەس بـــوو تۆی هەڵبژارد.

هەر کەســـێك باسی خەڵکی بۆ هێنایت، دڵنیـابـە باسی تۆش بۆ خەڵکی دەبات.



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

چەند پێشنیارێکت بۆ دەکرێت کە دەبێتە هـۆی شاد بوونت و ڕەنگە لایەنی سۆزداریشت پێشکەوتنێکی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بـەهـۆی راسـتـگـۆیـی و سۆزی بێ وێنـەتـەوە بەسەر چـەنـد کۆسپێك زاڵ دەبیت و بـەمـاوەیـەکی هێمن و بێ گیروگرفت تێپەڕ دەبێت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئەمڕۆ زۆر لەخۆباییت بۆیە کەسانێك بەرەنگارت دەبنەوە، دان بەخۆتا بگرە، چونکە لەوانەیە تووشی بێزاربوون بیت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ئەمڕۆ تەندروستیت زۆر باشەو بەخت تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵتە، بـواری خۆشەویستیشت لەو پەڕی باشیدایە، بەڵام واز لە خەیاڵ بێنە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

دڵت زۆر ناسکە بەیەك وشەی ناخۆش پەست و غەمبار دەبیت هەوڵبدە مێشکت کراوە بێت، چەند کێشەیەك دەورتی داوە بەڵام ئارام بە چارەسەری ئاسانە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

کات لەبارە بۆ بەستنی پەیوەندی دەستگیرانی و هاوسەری ئەم هەلە لـەدەست خـۆت مەدە، چونکە بەخت بەشێوەیەکی چاك یاوەرتە، ئەم هەلە بقۆزەوە.